# دەربارەی پەرتووکی:

# «شارستانییەت و ناکامییەکانی»ـی فرۆید




**ژانمیشێل کینۆدۆز**

**و. عەلی ئەحمەد**

## ڕوانگەیەکی ڕەشبینانە یان واقیعیی بۆ بارودۆخی مرۆڤایەتی؟

«شارستانییەت و ناکامییەکانی» تەواوکەری سێ بەرهەمی فرۆیدە کە لە «پرسی شیکاری ناپزیشکی» لە 1926ـەوە دەستپێدەکات و بۆ «داهاتووی وەهمێک» لە 1927دا بەردەوام دەبێت. فرۆید لێرەدا دیسانەوە بێدوودڵی ڕایدەگەیەنێت کە بە بۆچوونی وی، سەرچاوەی ڕاستەقینەی هەستە ئایینییەکان تەنیا دنیایی‌یە و ڕەگوڕیشەی لە پێکهاتەی دەروونی هەر مرۆڤێکدایە. دوای ئەم ڕاگەیاندنە نوێیەی ڕوانگەی بێباوەڕیی، فرۆید گشتاندنێکی بوێرانە دەکات، ــ بە دیدێکی تازەوە دەڕوانێتە ئەو هاوسەنگییە ناجێگیرەی کە مرۆڤەکان لە شارستانییەتدا بۆ خۆیان درووستیانکردووە، ــ شارستانییەتێک، کە گوایە بۆ پاراستنی وان بێت، کەچی بەشێوەیەکی پارادۆکسیکاڵ ڕەنگە لەکۆتاییدا لەناویانببات. ئەم هاوسەنگییە هیچ نییە جگە لە ڕەنگدانەوەی ململانێی بنەڕەتیی نێوان پاڵنەری ژیان و پاڵنەری مەرگ؛ ململانێیەک، کە فرۆید لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتدا زیاتر باوەڕ بە هەبوونی دەکات. لەبەر ئەوەی شارستانییەت لەپێناو پاراستنی یەکێتیی کۆمەڵگا پاڵنەرە سێکسی (زایەندی)ـی و شەڕەنگێزییەکانی تاکەکەسەکان سنورداردەکات، ئەوا بەناچاری دەکەوێتە پێکدادانەوە لەگەڵ ئەندامەکانی ئەو کۆمەڵگایەدا؛ ئەگەر تاکەکەسەکان یاخی بن، دەکرێت شارستانییەت تێکبشکێنن. بەڵام فرۆید بەبەردەوامی جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە پێکدادانی نێوان تاکەکەس و کۆمەڵگا، کە دەتوانین لە واقیعی دەرەکی‌دا تێبینیی بکەین، ڕەنگدانەوەی ئەو پێکدادانەیە وا لە دەروونی هەموو مرۆڤێکدا ڕوودەدات: وەک پێکدادانی نێوان داخوازییەکانی سوپەرئیگۆ (ترس لە وی هەمان ئەو ترسەیە کە پێشتر لەهەمبەر دەسەڵاتی دەرەکیی هەبووە) و ئیگۆ کە نوێنەرایەتیی بەرژەوەندییەکانی تاکەکەس دەکات. بۆ فرۆید ئەو هەستکردنی نائاگایی (نەستەکی) بە گوناهـە، کە لە ئەنجامی ئەم پێکدادانە نائاگاییەوە سەرهەڵدەدات، سەرچاوەی نەخۆشیی شارستانییەت، یان

ناکامییەکانی کولتورە. هەر لەبەر ئەم هۆکارەیە کە پێگە [و بارودۆخی] مرۆڤ ئەوەندە ناجێگیرە، ـــ ناچارە لەگەڵ نادڵنیاییەکانی دەرئەنجامی ململانێی نێوان پاڵنەرەکانی ژیان و مەرگ و لەگەڵ وەهمەکانی خۆیدا خۆی بگونجێنێت.

## بایۆگرافیا و دیرۆک

قەیرانی ئابوریی جیهانیی ساڵی 1929 و گەشەی نازیزم لە ئەڵمانیا

فرۆید لە پشووی هاوینی ساڵی 1929دا لە بێرختێسگادێن دەستدەکات بە نووسینی «شارستانییەت و ناکامییەکانی» (یان «نەخۆشیی شارستانییەت»، کە بەم ناونیشانە بۆ فرەنسی وەریدەگێڕن). ئەم پەرتووکە وەک وەڵامێک بوو بۆ بیرکردنەوەی ڕۆمان ڕۆلان کە سەرچاوەی درکی ئایینیی دەگەڕێنێتەوە بۆ «هەستێکی ئۆقیانوسی». زۆرجار ئەم پەرتووکەی فرۆید وەک میراتێکی سۆسیۆلۆژی تاریک بەڵام وردبینانە تەماشادەکرێت. ئەو تۆنە ڕەشبینەی ـــ بەتایبەت لە بڕگەی کۆتایی پەرتووکەکەدا، کە تێیدا فرۆید باس لە داهاتووی مرۆڤایەتی دەکات ـــ ئێستا کە پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیا ڕێگە بە مرۆڤەکان دەدات یەکتری بەتەواوی قڕبکەن ـــ هەر زوو نیشانی دا کە ئەو چەندە ڕاست بوو. هەفتەیەک پێش ناردنی دەستنووسەکە بۆ چاپکردن ـــ لە سێشەممەی 29ی ئۆکتۆبەری 1929دا، بۆرسەی نیۆرک کەوت؛ بەم جۆرەش جیهانی ڕۆژئاوای دووچاری قەیرانێکی ئابوریی کردەوە و بۆ ماوەیەکی درێژ ئیفلاسی، بێکاری و هەژاری بەدوای خۆیدا هێنا.

«شارستانییەت و ناکامییەکانی» لە ساڵی 1930دا بڵاودەبێتەوە و یەکسەر ناوبانگ پەیدادەکات و بۆ چەندین زمان وەردەگێڕدرێت. دوای ماوەیەکی کەم لە سێپتەمبەری

1930دا پارتی نازی بە جیاوازی دەنگێکی زۆرەوە هەڵبژاردنەکانی ڕایخ دەباتەوە و ئەدۆلف هیتلەر ڕاستەوخۆ دەسەڵات دەگرێتەدەست. ئەم ڕووداوە نەخوازراوانە وا لە فرۆید دەکەن لە چاپی تازەی ساڵی 1931دا ڕستەیەک لە کۆتایی پەرتووکەکەدا زیادبکات. ئەگەر لە چاپی یەکەمدا دەقەکە بە گوزارشتی ئومێد لەسەر دەرەنجامێکی گونجاو لە ململانێی نێوان پاڵنەری ژیان و پاڵنەری مەرگەوە کۆتایی هات، ئەوا ئێستا پێشبینی دەرەنجامەکە ڕەشبینانەیە: «بەڵام ئەوە کێیە دەتوانێت پێشبینیی ئەم سەرکەوتنە و کۆتایی ئەم بەربەرەکانێیە بکات؟»[1]. فرۆید لە نامەیەکدا بۆ ئارنۆلد زویگ بەئاشکرا ئەم ڕوانگە ڕەشبینە دەردەبڕێت: «سەردەمێکی تاریک بەڕێوەیە. من کە پیر و پەکەوتەم، پێویست ناکات نیگەرانی ئەمە بم، بەڵام ناتوانم خەم بۆ حەوت کوڕەزا/کچەزاکەم نەخۆم» (فرۆید بۆ ئارنۆلد زویگ، 7ی دیسەمبەری 1930).

ئەو بابەتانەی کە لەم پەرتووکەدا باسکراون، پێشتر لە کارێکی بچووکدا بەناوی «ئاکاری زایەندیی"کولتوریی" و شڵەژانی مۆدێرن» (1908) و لە وتاری «ڕامان لە سەروەختەکانی جەنگ و مەرگ» (1915)دا ئاماژەیان بۆ کراوە. درەنگتر فرۆید لە «بۆچی جەنگ؟» (1933)دا بۆ وان دەگەڕێتەوە.

١. زیگمۆند فرۆید. شارستانییەت و ناکامییەکانی. وەرگێڕانی وەلید عومەر ـ ڕوشدی جەعفەر. سلێمانی، ناوەندی ڕۆشنبیریی ڕەهەند، ٢٠٢١، ل. ١٨٤.

# «Kultur»: شارستانییەت یان کولتور؟

زاراوەکانی «کولتور» و «شارستانییەت»، کە فرۆید و گەلەک لە وەرگێڕانی وی لەم پەرتووکەدا وەک هاوواتا بەکاریاندەهێنن، مشتومڕێکی زۆریان لێکەوتووەتەوە. واتای ئەم چەمکانە دەکرێت بە شێوازی جیاواز بەپێی ڕوانگەی نووسەر یان وەرگێڕ و بەپێی سەردەمەکە ڕاڤەبکرێت. بۆ ئەوەی بیرۆکەی ئەم مشتومڕانە نیشانبدەین، وەرن بۆ ساتێک قسە لەسەر ئەو واتایە بکەین کە فرۆید لەم دەقەدا دەیدات بە چەمکی «Kultur» (کولتور)، چەمکێک کە زۆر زیاتر لە (Zivilisation) (شارستانییەت) بەکاریدەهێنێت (بێگومان هەردوو چەمکەکەش لە زمانی ئەڵمانیدا هەن). پێویستە ئەوە بەبیربێنینەوە کە فرۆید پێشتر لە «داهاتووی وەهمێک»دا پێناسەیەکی فراوانی تێگەیشتنی خۆی دابوو بە «Kultur» و بەڕوونی ڕایدەگەیاندووە کە «پێویستییەک نابینێت بۆ ئەوەی شارستانییەت و کولتور لە یەکتر جیابکاتەوە»[2]. لە نیگای یەکەمدا وادیارە لە «شارستانییەت ناکامییەکانی»یشدا فرۆید ئەم دوو چەمکە وەک هاوواتا بەکاردەهێنێت، لێ ئەگەر وردتر سەرنجبدەین، دیاردەکەوێت کە: ئەو جیاوازییەکە لەوەدا دەبینێت کە چۆن چەمکی «Kultur» بەکاردەهێنێت: «ئەو [die Kultur] لە لایەکەوە هەموو ئەو زانین و توانا [دەسەڵات]ـە دەگرێتەخۆ کە خەڵکی بەدەستیان هێناوە تاوەکو کۆنترۆڵی هێزەکانی سرووشت بکەن و سودەکەی بەکاربهێنن بۆ تێربوونی پێویستییە مرۆییەکان؛ لە لایەکی دیکەوە، هەموو ئەو پێوەرانە دەگرێتەخۆ کە پێویستن بۆ ڕێکخستنی پەیوەندییەکانی نێوان خەڵکی و بەتایبەتی بۆ دابەشکردنی سود و سامانە بەدەستهاتووەکان» (1927، ل. 8)[3]. ئەم جیاوازییەی نێوان کولتور و شارستانییەت

[2]Freud S. (1927c), L’avenir d’une illusion, trad. M. Bonaparte, Paris, PUF, 1971; OCF. P., XVIII, p. 8.

٣. بەم شێوەیە، لێرەدا چەمکی «کولتور» گشتگیرترە و چەمکی «شارستانییەت» لەخۆدەگرێت. ئیدیتۆری ڕووسی.

هاوتایە لەگەڵ پێناسە فەرهەنگییەکانی کولتور ــ وەک «تێکڕای هەموو لایەنە ڕۆشنبیرییەکانی شارستانییەت»؛ و شارستانییەت ــ وەک «تێکڕای هەموو دەستکەوتەکانی مرۆڤایەتی (بەپێچەوانەی سرووشت، بەربەریزم» (فەرهەنگی ڕۆبێر). گەشەی بیرۆکەکان، بەتایبەتی لە بیرکردنەوەی فەلسەفی و زانستە مرۆڤایەتییەکاندا، وردە وردە بووەتەهۆی ئەوەی کە ئەو شتەی پێشتر بە «کولتور» ناومان دەنا، لە خودی پێناسەی «شارستانییەت»دا جێگیر ببێت؛ وادیارە فرۆید خۆیشی ئەم ڕەوتەی پەیڕەو کردووە[4]. هەر ئەمە وای کردووە وەرگێڕە فەرەنسییەکانی کۆبەرهەمی کارەکانی فرۆید ناونیشانی تازەی «نەخۆشی کولتور» لەجیاتی ناونیشانەکەی پێشتر «نەخۆشی شارستانییەت» هەڵبژێرن.[5]

## • «هەستی ئۆقیانوسی»: پاشماوەی ئارەزووی منالّیی

دوای بلاّوبوونەوەی «داهاتووی وەهمێک» نوسەری فەرەنسی ڕۆمان ڕۆلان نامەیەک بۆ فرۆید دەنووسێت کە تێیدا داخی خۆی دەردەبڕێت لەوەی کە فرۆید لەم کارەدا حیسابی بۆ ئەو «هەستە ئۆقیانوسییە» نەکردووە کە ڕۆلان بە سەرچاوەی سوبێکتیڤی وزەی ئایینیی ئەژماری دەکات و بەردەوام لە خۆیدا درکی پێکردووە: «ئەو خوازیارە [ئەم هەستە] ناوبنێت هەستکردن بە ناکۆتا، هەستکردن بە شتێکی بێ‌مەودا و بێ‌سنوور ــ با

٤. لێرەدا نووسەر دژەگۆی هەیە: فرۆید، وەک دیارە، ئەم ڕەوتەی پەیڕەو نەکردووە، و وەرگێڕەکانیش فێری ئەم خاڵە بوون کە وشەی «کولتور»ی هەڵبژێرن نەک «شارستانییەت». ئیدیتۆری ڕووسی.

[5] Bourguignon A., Cotet P., Laplanche J. et Robert F. (1989), Traduire Freud,  Paris, PUF. P. 91–93.

بلێین هەستێکی "ئۆقیانوسی"»[6]. فرۆید بەرسڤی هەڤاڵەکەی دەداتەوە کە خۆی هیچ کاتێک ئەزموونی هەستێکی هاوشێوەی نەکردووە؛ وادیارە ئەمە «هەستکردنە بە پەیوەندییەکی نەپساو لەگەڵ جیهانی دەرەکی وەک گشتێک» (هەمان سەرچاوە، ل. ٤٣). سەرباری ئەوەش ئەو حاڵەتەکە بەکاردەهێنێت بۆ ئەوەی هۆکارە سایکۆلۆژییەکەی ڕوونبکاتەوە. فرۆید هۆکارەکە لە ئەزموونی سۆزەکی سەرەتایی مناڵی ساوادا دەدۆزێتەوە: بە بۆچوونی وی، لە سەرەتای ژیاندا مناڵی ساوا هێشتا ئیگۆ (من)ی خۆی لە جیهانی دەرەکی جیاناکاتەوە؛ تەنێ کۆنتاکتێکی زەمەنیی لەگەڵ مەمکی دایکیدا وردە ورد ڕێ بە وی دەدات پەی بەوە ببات کە" ئۆبێکت"ێک هەیە، دەکەوێتە "دەرەوە"ی ئیگۆ (من)ی خۆیەوە. ئەزموونی زووتری ئازار و تێرنەبوون مناڵی ساوا ناچاردەکەن هەموو شتەکان کە سەرچاوەی ئازارن وەدەرنێت [بخاتە دەرەوەی خۆیەوە] و هەر شتێکیش کە سەرچاوەی چێژە لە خۆیدا بیپارێزێت. بەم شێوەیە «ئیگۆ-چێژ»ێک [Lust-Ich] چێدەبێت کە ملکەچی پرەنسیپی چێژە و لە دژی جیهانی دەرەکیی دەوەستێتەوە کە لەلایەن پرەنسیپی واقیعەوە بەڕێوەدەچێت: «بەم شێوەیە، ئیگۆ خۆی لە دونیای دەرەوە جیادەکاتەوە، یان بە گوزارشتێکی درووستتر: لە سەرەتادا، ئیگۆ هەموو شتێک لە هەناوی خۆیدا هەڵدەگرێت، پاشان جۆرە دونیایەکی دەرەکی لە خۆی جیادەکاتەوە. بەم پێیە، هەستکردنی ئەمڕۆمان بە ئیگۆ تەنیا پاشماوەیەکی پەستێنراوی هەستێکی گشتگیرترە ــ لەڕاستییدا، هەستێکی سەرتاپاگیر ــ کە هاوتای پەیوەندییەکی توندوتۆڵتری نێوان ئیگۆ و دونیای دەوروبەرێتی» (هەمان، ل. ٤٧). بۆ فرۆید هەستکردن بە بێسنووری کە تایبەتمەندی «هەستی ئۆقیانوسی» وەردەگرێت، هاوتای پاراستنە لە پێگەیشتنی ئەو

٦. زیگمۆند فرۆید. شارستانییەت و ناکامییەکانی. وەرگێرانی وەلید عومەر ـ ڕوشدی جەعفەر. سلێمانی، ناوەندی ڕۆشنبیریی ڕەهەند، ٢٠٢١، ل. ٤٠ـ٤١.

هەستەی یەکێتی سەرەتاییدا کە مناڵی ساوا ئەزموونی دەکات، لێ فرۆید دەپرسێت، ئایا ئێمە لە ڕاستیدا دەتوانین «هەستی ئۆقیانوسی» وەک سەرچاوەی هەر پێویستییەکی ئایینی سەیربکەین؟ فرۆید ئەم بیرۆکەیە ڕەتدەکاتەوە و وایدادەنێت کە پێویستییە ئایینییەکانی تاکەکەس لە لاوازی مناڵیی و نۆستالۆژیا بۆ باوک-پارێزەرەوە پەیدادەبن. بەم شێوەیە، ئەو هەستە ئایینییەی کە ڕۆمان ڕۆلان باسی دەکات، بە بڕوای فرۆید، سەرەتایی نییە، بەڵکو دووەمیین (لاوەکیی)ـە لە بەرامبەر پێویستی مرۆڤ بە نکۆڵیکردنی ئەو مەترسییانەی کە ئیگۆ هەستدەکات لە جیهانی دەرەکییەوە هەڕەشەی لێدەکەن و لە ئەنجامدا هەوڵی گەڕان بەدوای جۆرێک لە دڵنەواییدا دەدات.

## • ئامانجی ژیان: گەڕان بەدوای بەختەوەری و دوورکەوتنەوە لە ئازار

ئینجا فرۆید ئەوە بەبیردێنێتەوە کە لە «داهاتووی وەهمێک» (1927)دا سەلماندوویەتی کە ئامانجی کۆتایی هەر سیستەمێکی ئایینیی بریتییە لە ڕوونکردنەوەی مەتەڵی گەردوون، بەخشینی دڵنیایی کە چاکەکاری خودایی چاودێریکردنی ژیانی مە و بەڵێندانی ژیانی پاش مەرگە. بەڵام بە بۆچوونی فرۆید ئەم چەمکەی ئامانجی ژیان سرووشتێکی منداڵیی هەیە؛ ئەو داخ بۆ ئەو ڕاستییە دەخوات کە زۆرینەی خەڵکی ناتوانن بەسەر ئەم قۆناغە ئایینییەدا زاڵبن کە ئەو وەک چەقینێکی منداڵیی دەیبینێت. لێ ئەگەر ئێمە ئەو ئامانجە ڕەتبکەینەوە کە ئایین پێشنیاری دەکات، ئەو کاتە ئامانجی ژیان چییە؟ بۆ فرۆید پرەنسیپی چێژ فیتاوفیت ئامانجی ژیان دیاریدەکات. بەڵام ئەگەر پرۆگرامەکە تەنیا بۆ بەختەوەری بێت، ئەوا بێگومان بە هیچ شێوەیەک جێبەجێ نابێت. تەنانەت ئەگەر ئێمە لەم هەوڵەدا بەتەواوی سەرکەوتوو نەبین، بەڵام دوو ڕێگا لە گەڕان بەدوای

بەختەوەریدا بە کراوەیی بۆ ئێمە دەمێننەوە: گەڕان بەدوای چێژدا و مەیلی دوورکەوتنەوە [خۆلادان] لە ئازار. ئەو ڕێگایانەی کە بەو ئاراستەیەمان دەبەن گەلەک زۆرن و جۆربەجۆرن و فرۆید باسی چەند ڕێگایەکیان دەدات: گەڕان بەدوای تێربوونێکی بێسنووری هەموو پێویستییەکان؛ مەیلی گۆشەگیری زاهیدانە؛ پشتبەستن بە مادەی هۆشبەر؛ کۆنترۆڵکردنی غەریزەکان هەر وەک حیکمەتی ڕۆژهەلات وەسفی دەکات؛ بڵندبوونەوە بەڕێگەی خەریکبوون بە زانست، هونەر و چێژی جوانییەوە. هەر ئەنجامێک بێهیوایی بەدوای خۆیدا دەهێنێت هەرچی بێت بێهیوایە، چونکە تەنانەت عەشقیش دەتوانێت ببێتەهۆی پەژارە و ئازار. لە کۆتاییدا دوا پەناگە دەمێنێتەوە کە دەتوانین لە نیورۆسیس و سایکۆسیسدا بیدۆزینەوە... سەرەنجام فرۆید دەگات بەوەی کە گەڕان بەدوای بەختەوەریدا لە بنەڕەتەوە پرسێکی تاکەکسییە: «هیچ ڕێسایەکی زێڕین لە ئارادا نییە بەسەر هەمواندا پیادەبکرێت؛ دەبێت هەرکەس ڕێگای تایبەتیی بەختەوەربوونی خۆی بگرێتەبەر» (هەمان، ل. ٧٨). فرۆید ئەم بەشە بە داوەریەکی توونتر لەوەی کە لە ساڵی 1927دا لە پەرتووکی «داهاتووی وەهمێک»دا دەربارەی ڕۆڵی زیانبەخشی ئایین کردبووی، کۆتایی پێدەهێنێت ــ بە بۆچوونی وی، ئایین بەربەستێکی سەرەکییە لەبەردەم گەڕان بەدوای بەختەوەری و دوورکەوتنەوە لە ئازار: «تەکنیکەکەی دین لەسەر کەمکردنەوەی بەهای ژیان و شێواندنی وێنەی دونیا ڕاستەقینەکە لە کەوڵی وڕێنەیەکدا بەندە، کە پێشگریمانەی تۆقاندنی هۆشیش دەکات. دین بەم نرخە، و بەهۆی شەتەکدان و جێگیرکرنی خەڵک بەزۆری زۆرداری لە منالگەراییەکی دەروونی و تێهەڵکێشکردنیان لە وڕێنەیەکی دەستەجەمعی و جەماوەریدا، سەردەکەوێت لەوەی زۆرێکیان لە عوساب (نیورۆسیس)ـە تاکاکەسییەکان بپارێزێت. لێ بەدەگمەن هیچی تری لەدەستدێت» (هەمان، ل. ٨١).

## • شارستانییەت ناتوانێت ئەو بەختەوەرییە بهێنێت کە لێی چاوەڕێ دەکەین

بۆچی بەختەوەربوونی مرۆڤ ئەوەندە قورسە؟ وادیارە شارستانییەت خۆی هۆکارەکەیە، چونکە سەرکەوتوو نابێت لە ڕێگریکردن لەو ئازارەی کە بڕیارە لە بەرامبەری بمانپارێزێت. شارستانییەت بە مانای پێشڤەچوونی بەردەوام نییە، چونکە پێشڤەچوون لە بواری کولتور و تەکنۆلۆژیای مۆدێرن بەڵێنەکانی خۆی جێبەجێ نەکردووە. ئەوە هۆکارێکی سەرەکییە بۆ ئەو ناکامییەی کە ئەمڕۆ مرۆڤی شارستانیی هەستی پێدەکات: «لە شارستانییەتی ئەوڕۆماندا هەست بە ئاسودەیی ناکەین» (هەمان، ل. ٨٩). بە هەر حاڵ مەبەستمان لە شارستانییەت چییە؟ «باسەکە بە دووپاتکردنەوەی ئەو خاڵە دەبڕینەوە کە وشەی "شارستانییەت" [Kultur] کۆی ئەو دەسکەوت و دامەزراوانە دەگرێتەوە وا ژیانی ئێمە لە ژیانی باوانە ئاژەڵییەکانمان جیادەکاتەوە، و هەڵگری دوو مەبەستیشە: پاراستنی مرۆڤەکان لەبەر چەپۆکی سرووشت و ڕێکخستنی پەیوەندییە دوولایەنەکانیشیان [لەنێوان خەڵکیدا]» (ل. ٩١). بێگومان پێشکەوتنی زۆر لە زانست و کولتوردا هەبووە کە دەتوانرێت وەک دەستکەوت سەیربکرێن، لێ ئەم دەستکەوتانە مرۆڤیان بەختەوەرتر نەکرد. بەڵام شارستانییەت هەنگاوێکی یەکلاییکرەوەی ناوە کاتێک کۆمەڵگا توانی سنوردارکردنی پاڵنەرە غەریزەییەکان ـــ سێکسییەکان و شەڕەنگێزییەکان ـــ بەسەر هەموو تاکەکەسێکدا بسەپێنێت بۆ ئەوەی یەکگرتووی گرووپەکە بپارێزێت. کەواتە، بە بۆچوونی فرۆید، شارستانییەت لەسەر دەستبەرداربوون لە پاڵنەرە غەریزەییەکان بونیاتنراوە، و ئەم بێبەشکردنە کولتورییە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی مرۆڤ دەخاتە ژێر هەژموونی خۆیەوە

ـــ لە هەمان کاتدا هۆکاری ئەو دوژمنایەتیەیە کە تاکەکەسەکان لە پەیوەندی لەگەڵ شارستانییەت [کولتوور]دا هەستی پێدەکەن.

## • خێزان و سێکسوالیتی: لەگەڵ شارستانییەت و دژی شارستانییەت

عەشق (خۆشەویستی)، کە لە دێرزەمانەوە نمونەی سەرەتایی بەختەوەرییە، بنەڕەتی شارستانییەت پێکدەهێنێت: عەشق (خۆشەویستی) هۆکاری پەیدابوونی خێزانە، پیاو و ژن یەکدخات و زارۆک بە دایک و باوکی خۆیەوە دەبەستێتەوە. هاوکات ئەو خۆشەویستییەی کە لە بنەڕەتی خێزاندایە، بە بەردەوامی باندۆر (کاریگەر) دەمێنێتەوە لە شارستانییەتدا؛ ئیدی هەم لە فۆرمی تێربوونی زایەندیی زاوزێیانە و هەم ژی لە سۆزی مەبەست-بەرپێگیراودا. ئەم سۆزە، بە بۆچوونی فرۆید، جۆرێکە لە خۆشەویستی (عەشق) کە ئەندامانی خێزان پێکەوە گرێدەدات و دەبێتە بنەمای هاوڕێیەتی و پەیوەندییەکانی ناو کۆمەڵگا. بەڵام لە ڕەوتی پەرەسەندندا بە ناچاری ململانێ لە نێواج کۆمەڵگە و خێزاندا سەرهەڵدەدات: یەکەمیان دەخوازێت مرۆڤەکان کۆبکاتەوە، دووەمیان ناخوازێت دەستبەرداری تاکەکەس بێت. ژنان بەتوندی دەرگیری ئەم پێکدادانەن: «وێڕای ئەمەش، ژنان بەزوویی دەستدەکەن بە دژایەتیکردنی ڕەوتی شارستانییەت <...>. ژنان نوێنەرەوەی خولیا و بەرژەوەندییەکانی خێزان و ژیانی سێکسیین. کاروباری شارستانییەت تا هاتووە کەوتووەتە سەر شانی پیاوان، ئەم کارە پیاوان ڕووبەڕووی کۆمەڵێک ئەرکی قورس دەکاتەوە و ناچار بە بڵندکردنەوەی پاڵنەرەکانیان دەکات، کارێک کە ژنان کەمتر دەرەقەتی دێن» (هەمان، ل. ١١٥). بەم شێوەیە، بە بۆچوونی فرۆید، کاتێک ژن وا هەست دەکات داخوازییەکانی شارستانییەت بەزۆر ئەویان بۆ دواوە پاڵناوە، ئیدی بە

چاوێکی دوژمنکارانەوە لە شارستانییەت دەڕوانێت. شارستانییەت سنوردارکردنێکی جدی بەسەر ژیانی سێکسی‌دا دەسەپێنێت: ئەو نە تەنێ هەڵبژاردنی ئوبێکت لەلایەن ئەو تاکەکەسەوە کە گەیشتووەتە پێگەیشتنی ئەندامی زاوزێ، لە ڕەگەزی بەرامبەردا سنووردار دەکات، بەڵکو زۆربەی تێربوونە دەرە-زاوزێیەکانی دیکەش کە مۆرکی لادانیان لێدراوە، قەدەغە دەکات. کەواتە بۆ مرۆڤ تەنێ عەشقی زاوزێی جیاڕەگەزخوازی دەمێنێتەوە، بەڵام کۆمەڵێک کۆتوبەندی دیکەش بەسەر ئەویشدا سەپاوە ـــ شارستانییەت تەنێ تاکهاوسەری قبوڵ دەکات و سێکسواڵیتە تەنێ وەک «ئامرازی وەچەخستنەوەی توخمی مرۆڤ» (هەمان، ل. ١١٨) تەحەمول دەکات. بە واتایەکی دیکە، ژیانی سێکسی مرۆڤ زۆر بەتوندی لەلایەن شارستانییەتەوە مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت، کە ئەمەش بەهای عەشق و سێکسوڵیتە وەک سەرچاوەی بەختەوەری کەمدەکاتەوە.

## • ڕۆڵی شەڕەنگێزی: «مرۆڤە گورگە بۆ مرۆڤ»

ئەگەر مرۆڤ لە گەڕان بەدوای بەختەوەریدا ئەوەندە تووشی زەحمەتی دەبێت، ئەوە لەبەر ئەوەیە کە شارستانییەت قوربانییەکی مەزن لە تاکەکەس دەخوازێت، بەتایبەتیش: ڕەتکردنەوەی تێرکردنی نە تەنێ پاڵنەرە سێکسییەکان، بەڵکو شەڕەنگێزییەکانیش. فرۆید ئاماژەی پێدەدات: «مرۆڤ بوونەوەرێکی میهرەبان و نەرمخوو نییە موحتاجی عەشق بێت و ئەوپەڕەکەی ئەودەم بەرگری لە خۆی بکات کە پەلاماردەدرێت» (هەمان، ل. ١٢٧). مرۆڤ بوونەوەرێکی شەڕەنگێزە. هەر مرۆڤێک مەیلێکی بەهێزی بۆ دەستدرێژکردنە سەر هاوشێوەکانی خۆی هەیە و بە دڵنیاییەوە کەسانی دیکە بۆ بەرژەوەندی خۆی بەکاردەهێنێت ئەگەر دەرفەتی هەبێت: فرۆید وتەیەکی سەردەمی ڕۆمەکان بەبیردێنێتەوە و

دەڵێت: «homo homini lupus» (مرۆڤ گورگی مرۆڤە) (هەمان، ل. ١٢٧). پێویست ناکات دوور بڕۆین بۆ ئەوەی پەی بەم شەڕەنگێزییە ببەین، هەموو کەسێک ئەمەی لە خۆیدا هەڵگرتووە: «هەبوونی ئەم مەیلە بۆ شەڕەنگێزی، کە دەتوانین لە خۆماندا هەستی پێ بکەین و لە ئەوانیتریشدا هەر بە گریمانەی وەربگرین، فاکتەرێکە پەیوەندییمان بە دراوسێ و ئەویترەوە وێراندەکات، و شارستانییەت ناچاردەکات کۆششی زیاتر بخاتەگەڕ» (هەمان، ل. ١٢٨). هەر لەبەر ئەم هۆکارەش شارستانییەت گەرەکە ئەوپەڕی هەوڵی خۆی بدات بۆ سنووردارکردنی شەڕەنگێزی مرۆڤ و چاندنی بەها ئاکارییەکان، ئەگەر نەخوازێت لەناوبچێت. لەبەر ئەم هۆکارە ئاکاری «شارستانیی» سنووردارکردنی ژیانی سێکسیی دادەمزرێنێت و بانگەشەی ئایدیاڵێک دەکات ـــ کە دراوسێکەمان وەک خۆمان خۆشبوێت. بەڵام سەرەڕای ئەم ڕێنماییانە، شارستانییەت هەرگیز نەیتوانیوە نە کۆمەڵگا بە یاساکانی خۆی بگەیەنێتە ئایدیاڵ، نە دوژمنایەتی مرۆڤ بەرامبەر بە دراوسێکەی خۆی لەناوببات. ئایدیای کۆمۆنیستییش کاتێک بانگەشەی ئەوە دەکات کە مرۆڤەکان بە سرووشتی خۆیان چاکەکارن، لە وەهمێک زیاتر نییە. وێنایەکی دیکەی دوژمنایەتی لە نێوان ئەو کۆمەڵگا دراوسێیانەدا بەدیدەکەین کە لە هەندێ ڕووەوە لەیەک دەچن، بۆ نموونە لە نێوان دانیشتوانی شارۆچکەیەک یان دوو نەتەوەی دراوسێدا. فرۆید ئەمە ناودەنێت «نارسیسیزمی جیاوازییە چکۆلەکان» (هەمان، ل. ١٣٢). بێگومان دەتوانین هیوامان لەسەر ئەوە بێت کە لە ڕەوتی گۆڕانکارییەکانی داهاتوودا شارستانییەت باشتر پێویستییەکانمان تێربکات، لێ دەبێت ئەوەش بزانین کە «ڕەنگیشە بگەینە سەر ئەو بیرۆکەیەی کە هەندێک لە دژواری و گیروگرفتەکان بەشێکن لە ماهیەتی شارستانییەت و چاکسازییان هەر تیا نەکرێت» (هەمان، ل. ١٣٤).

- **پەرەسەندنی شارستانییەت: ململانێی نێوان پاڵنەری ژیان و پاڵنەری مەرگ**

کەواتە، ئەو ڕاستییەی کە شارستانییەت هەرگیز ناتوانێت مرۆڤ بەختەوەر بکات، بەتوندی گرێدراوە بە سرووشتی خودی مرۆڤەوە. فرۆید بۆ ئەوەی ئەمە ڕوونبکاتەوە، دەگەڕێتەوە بۆ تیۆری دووەمی پاڵنەرەکانی خۆی کە هەبوونی ململانێییەکی بنەڕەتی لە نێوان پاڵنەری ژیان و پاڵنەری مەرگدا دەخاتەڕوو. هەرچەندە ئەو لە سەرەتادا بۆ تاقیکاری ئەو گریمانەیەی خستەڕوو، لێ ئێستا دڵنیایە لە ڕاستی بۆچوونەکەی خۆی: «ئەم هەڵێنجانە بەدرێژای کات وەها بەسەرمدا زاڵ بوو، کە چیتر ناتوانم لەم ڕووەوە بە جۆرێکی تر بیربکەمەوە» (هەمان، ل. ١٤١). بە بەکارهێنانی ئەم گریمانەیە بۆ پرۆسەی شارستانییەت، فرۆید بەو ئەنجامە دەگات کە شەڕەنگێزی مەیلێکی غەریزەیی سەرەتایی و سەربەخۆییە و یەکێک لە مەزنترین بەربەستەکانی بەردەم شارستانییەت پێکدەهێنێت. ئەم پاڵنەرە شەڕەنگێزییە نوێنەری پاڵنەری مەرگە کە هەمیشە شانبەشانی ئیرۆس کاردەکات: «ئێستاش پێموایە مانای گەشەی شارستانییەت ناڕوون نەبێت بۆمان. [گەشەی شارستانییەت] دەبێت ململانێی نێوان ئیرۆس و مەرگ پیشانبدات، واتە هی نێوان پاڵنەری ژیان و پاڵنەری وێرانکاری کە لە ڕەگەزی مرۆڤدا دێتەدی. ئەم ململانێیە لە بنەڕەتدا ناوەڕۆکی بنچینەیی ژیانە و هەر لەبەر ئەمەش دەکرێت گەشەی شارستانییەت بە ململانێی ڕەگەزی مرۆڤ دابنێین لەپێناو بوون و ژیاندا» (هەمان، ل. ١٤٦).

## • سوپەرئیگۆ وەک ناوەکیبوونەوەی دەسەڵات (ئۆتۆریتە)ـی دەرەکیی

ئەگەر شارستانییەت لەژێر هەڕەشەی شەڕەنگێزی و وێرانکاریدا بێت، چ ئامرازێک هەیە بۆ ڕێگریکردن لەم پاڵنەرانە؟ بە بڕوای فرۆید کاریگەرترین ئامراز بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە بریتییە لە ناوەکیکردنەوەی شەڕەنگێزی  بۆ ناو خودی تاکەکەس، ـــ ڕەوانەی ئەو جێیە دەکرێت کە لێیەوە هاتووە، ـــ واتە بۆ سوپەرئیگۆ. ئەو گرژییەی کە لە ئەنجامی ئەمەدا لە ناقبەری ئیگۆ و سوپەرئیگۆدا جێگیردەبێت، وەک "هەستکردن بە گوناهـ» گوزارشتی لێدەکرێت و لە ڕەفتاردا وەک "پێویستی بە سزادان" خۆی دەردەخات. هەستکردن بە گوناهـ دوو سەرچاوەی هەیە: ترس لەهەمبەر دەسەڵاتی دەرەکی و ترس لەهەمبەر سوپەرئیگۆ. ترس لەهەمبەر سوپەرئیگۆ وەک ترس لە لەدەستدانی خۆشەویستی پارێزەرەکەی خۆی ئەزموون دەکرێت. لە سەرەتاوە توندی سوپەرئیگۆ بەشێوەیەکی سەرەکی لە ترس لەهەمبەر دەسەڵاتی دەرەکییەوە سەرهەڵدەدات، لێ لە ڕەوتی گەشەدا دەسەڵات ناواخندەبێتەوە و بەم شێوەیە بەشداری دەکات لە دامەزراندنی سوپەرئیگۆی تاکەکەسی لەناو دەروونی کەسەکەدا. تاکەکەس گەر بتوانێت بیرۆکەکانی خۆی لە بریکارە دەرەکییەکە بشارێتەوە، بەڵام ناتوانێت هیچ شتێک لە سوپەرئیگۆی خۆی بشارێتەوە: «لەم حاڵەتەی دووەمدا، کاری ناشرین و قەستی چەپەڵ هاوبەهای یەکترن و سەرەنجامیش ئاگایی دەرهەق بە گوناهـ و پێویستبوون بە سزا لە هەردوو حاڵەتەکەدا هەر یەکێکە. شەڕەنگێزیی ویژدان درێژەی شەڕەنگێزیی ئۆتۆریتە [دەرەکی]یەکەیە» (هەمان، ل. ١٥٥).

بۆچی شەڕەنگێزی سوپەرئیگۆ ئەوەندە بەڕەقی ڕووبەڕووی ئیگۆ دەبێتەوە؟ بە ڕای فرۆید، توندگیری لەڕادەبەدەری سوپەرئیگۆ لە ئەنجامی هەڵگەڕانەوەی شەڕەنگێزی دژ بە خۆی سەرهەڵدەدات کە زارۆک لە پەیوەندا بە دایکوباوکیەوە ئەزموونیدەکات: «پەیوەندیی نێوان سوپەرئیگۆ و ئیگۆ، گەڕانەوەیەکە بۆ پەیوەندیی واقیعیی نێوان ئیگۆی هێشتا یەکپارچە و ئوبێکتێکی دەرەکی، پەیوەندییەک کە بە دەستی ئارەزوو گۆڕانی بەسەردا هاتووە. ئەمەش هەر نمونەیەکی زەقوزۆپە. بەڵام جیاوازییە جەوهەرییەکە لەوێدایە کە سەختگیرییە سەرەتاییەکەی سوپەرئیگۆ نوێنەرەوە وی نییە ــ یان بەو ڕادەیە نییە ــ، کە مرۆڤ لە [ئوبێکتی دەرەکییەکەوە] دەیناسێت یان چاوەڕوانی لێی هەیە، بەڵکو نوێنەرەوەی شەڕەنگێزیی خودی کەسەکەیە دژی سوپەرئیگۆ» (هەمان، ل. ١٥٧ــــ١٥٨). ئەمە ئەوە ڕووندەکاتەوە کە بۆچی ئێمە هاوتەباییەکی ڕاستەوخۆ لە نێوان سەختگیری واقیعیی دایکوباوک سەختگیری سوپەرئیگۆدا تێبینی ناکەین: «ئەزموون فێرمان دەکات ئەو سەختگیرییەی سوپەرئیگۆ کە لە منداڵدا گەشەدەکات، بە هیچ شێوەیەک ئەو ڕەفتارە زبرە پیشاننەداتەوە کە بەسەریدا پیادەکراوە، وایش دەردەکەوێت پێیەوە پەیوەست نەبێت» (هەمان، ل. ١٥٨). فرۆید لێرەدا بەئاشکرا ئاماژە بە میلانی کلاین و نوسەرە ئینگلیزییەکانی دیکە دەکات (هەمان سەرچاوە، ل. ١٥٨، پەراوێزی ١٦٦). هەردوو فۆرمەکەی شەڕەنگێزی لە سوپەرئیگۆوە دێن ــ ترس لە سزادان لەلایەن باوکەوە و ئارەزووی منداڵیی بۆ تۆڵەکردنەوە لە وی ــ یەکدەگرن و تەواوکەری یەکترن. جگە لەوەش، فرۆید ئەوە زیاددەکات کە پێویستە فاکتەری فیلۆجینێتیک لەبەرچاو بگیرێت، چونکە هەستکردن بە گوناهـ بەهۆی ئەو ترسناکییەکەوە بەهێزتر دەبێت کە باوکی سەرەتایی دەیدا بە گوێی کوڕەکانی خۆی، هەروەها بەهۆی ئەو پەشیمانییەی کە کوڕان دوای کوشتنی باوکیان هەستیان پێدەکرد. سەرەنجام ململانێی جووتهەستی [کینە و

ئەڤین]ی سەرەتایی نە تەنێ وەک ململانێی تاکەکەس و شارستانییەت خۆی دەردەخات، بەڵکو لە ئاستی تاکەکەسییشدا وەک هەستێکی جووتهەستی [کینە و ئەڤین] خۆی دەردەخات کە ئیگۆ لە پەیوەندیی لەگەڵ سوپەرئیگۆدا ئەزموونی دەکات، وەک گوزارشتی «مشتومڕی هەمیشەیی نێوان عەشق و ئارەزووی مەرگ» (هەمان، ل. ١٦٣).

- **ئایا شارستانییەتی مۆدێرن دەتوانێت لە خۆوێرانکاری دووربکەوێتەوە؟**

ئامانجی ئەم لێکۆڵینەوەیەی فرۆید پیشاندانی ئەوەیە کە هەستکردن بە گوناهـ گرنگترین پرسی شارستانییەت پێکدەهێنێت؛ هەر دەستکەوتێکی شارستانییەت دەبێت باجی لەدەستدانی بەختەوەری و بەهێزبوونی هەستکردن بە گوناهـ بدات. ئەم هەست بە گوناهـە بەزۆری خۆی لە خۆیدا ئاگایی نییە، بەڵکو لە بەشی زۆردا لە نائاگاییدا دەمێنێتەوە یان «وەک ناکامی یان ناڕازیبوونێک دەردەکەوێت، کە مرۆڤ مۆتیڤی تری دەوێت بۆی بگەڕێت» (هەمان، ل. ١٦٨). بە ڕای فرۆید، هەر وەک چۆن سوپەرئیگۆی تاکەکەسیی هەیە، ئاواش «سوپەرئیگۆی کولتوریی» (Kultur-Überich) هەیە کە کۆمەڵێک داخوازیی ئایدیاڵی توند دەردەبڕێت، کە پەیڕەونەکردنی دەبێتە مایەی سزا لەلایەن «ترسی ویژدانەوە» (هەمان، ل. ١٧٨). زۆرجار ئەم داخوازیانە زۆر توندن، بەتایبەتی ئەوانەی کە لە مۆراڵی جڤاتەوە سەرچاوەدەگرن، و هەستی یاخیبوون یان نیورۆسیس لە تاکەکەسدا بەرهەمدەهێنن، یان چارەڕەشی دەکەن. بۆیە دەکارین لە خۆمان بپرسین، ئایا زۆرینەی کولتورەکان ــــ تەنانەت هەموو مرۆڤایەتیش ــــ لەژێر کاریگەری خودی پرۆسەی شارستانییەتدا نەبوونەتە نیرۆتیکی؟ سەبارەت بە چارەنووسی توخمی مرۆڤ لە داهاتوودا، فرۆید دان بەوەدا کە ناتوانێت هیچ چارەسەرێکی دەروونچارەسەریی

و هیچ دڵنەواییەک پێشکەش بکات. ئەم پرسیارە بەکراوەیی جێدەهێڵێت و بە تێبینییەکی ڕەشبینانە کۆتایی بە پەرتووکەکە دەهێنێت: «بە بۆچوونی من، چارەنووسسازترین پرسیاری توخمی مرۆڤ ئەمەیە: ئاخۆ ڕێیتێدەچێت پەرەسەندنە شارستانییەکەی بەسەر ئەو تێکچوونانەدا سەرکەوێت کە لە ژیانی کۆمەڵایەتییەکەیدا هەن، و لە پاڵنەری شەڕەنگێزی و خۆلەناوبردنەوە سەرچاوەدەگرن یان نا؛ گەر ڕێیشی تێبچێت تا چ ڕادەیەک دەتوانێت بەسەریاندا زاڵ بێت؟ پێدەچێت هەر لەبەر ئەمەش بێت کە لەم سیاقەدا، ئەم سەردەمە ئەوەندە گرنگییەکی تایبەتی هەیە. مرۆڤەکان ئێستا لە زاڵبوونیاندا بەسەر هێزەکانی سرووشتدا تا ئەو جێیە ڕۆیشتوون کە دەتوانن بە یاریدەی وی تۆوی یەکتر تا دواکەس ببڕنەوە. ئاگایان لەمەیە، بۆیە بەشێک لە نائارامی و ناڕەحەتی و هەستی ترسەکەیان بە ڕێژەیەکی زۆر هەر لەبەر ئەمەیە» (هەمان سەرچاوە، ل. ١٨٣ــــ١٨٤).

## پاش فرۆیدییەکان

### لە هەڕەشەی جەنگی ئەتۆمییەوە بۆ تیرۆریزمی نێودەوڵەتیی

شارستانییەت و ناکامییەکانی سەرکەوتنێکی خێرای بەدەستهێنا و کاردانەوەی زۆری بەدوای خۆیدا هێنا هەم لە بازنەی دەروونشیکاران و هەم لەناو خەڵکی گشتیدا. یەکێک لە دەرەنجامەکانی ئەم بڵاوکراوەیە بووەهۆی دەستپێکردنەوەی مشتومڕی نێوان دەروونشیکاران دەربارەی پاڵنەری مەرگ، چونکە فرۆید لەم دەقەدا چیتر وەکو گریمانەیەک (hypothesis) باسی ئەم پاڵنەرە ناکات، بەڵکو وەکو دیاردەیەکی بنەڕەتیی و ئاشکرا باسی دەکات. لەگەڵ ئەوەشدا تەنانەت نزیکترین خوێندکارانی خۆی پاڵپشتیان نەکرد. بۆ نمونە، جۆنس گواستنەوە لە چەمکی شەڕەنگێزییەوە بۆ چەمکی

پاڵنەری مەرگ وەک گشتاندنێکی بێپاساو دەبینێ، لە کاتێکدا بۆ فیستەر تەنیا میتافۆرێک بوو کە فرۆید بۆ ئاماژەکردن بە هێزێکی ژینەکی بەکاریهێنابوو.

لە دوای پەرەسەندنی چەکی ئەتۆمیی، ئەگەری ئەوەی کە مرۆڤەکان بتوانن یەکتری تا دوا کەس قڕبکەن، کە فرۆید لە دوا لاپەڕەدا هۆشداری داوە، مانایەکی تایبەتی بەدەستهێناوە. بە لەبەرچاوگرتنی زیادبوونی ئەم مەترسییە هەندێک لە دەروونشیکاران دوو ڕێکخراویان پێکهێنا بۆ ئەوەی دەنگیان ببیسترێت. یەکێیان بەریتانی بوو، بەناوی «Psychoanalysts and the Prevention of Nuclear War» (PPNW) («دەروونشیکاران و ڕێگریکردن لە جەنگی ئەتۆمیی»). ئەویتریان نێودەوڵەتی بوو ــ « International Psychoanalysts against Nuclear War» (IPANW) («دەروونشیکاری نێودەوڵەتی دژی جەنگی ئەتۆمیی»). بێگومان دوای هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤێت و کۆتاییهاتنی جەنگی سارد شتەکان گۆڕان، بەڵام نەک بەشێوەیەکی بنەڕەتی. بە قسەکردن دەربارەی ئەم دەروونشیکارانە، دەمەوێت تیشک بخمە سەر هەڵوێستی هانا سێگال، چونکە بەشداری کردووە لە شکاندنی بێدەنگی نەک هەر بەرامبەر هۆلۆکۆستی ئەتۆمی، بەڵکو لەهەمبەر چەندین مەترسی دیکەش کە هەڕەشە لە شارستانییەتەکەمان دەکەن. بۆچوونەکانی هانا سێگال لە پرۆسەی لێکۆڵینەوەی دەروونشیکاریی سایکۆسیسی (دەروونپەشێوی) و کارکردنی گرووپەکاندا خزمەتیان دەکرد. ئەو دەنووسێت: «ئەگەر تاکەکەسەکان بە هەمان شێوەی گرووپەکان ڕەفتاریان بکردایە، ئەوا وەک شێت دەناسران»[7]. هەروەها پێیوایە لە کاتی جەنگی سارددا «گریمانەی بنەڕەتییەکە» (بەپێی بیۆن) ئەوە بوو کە جەنگ

---

[7] Segal H. (2002), «Ne rien avoir tiré de l'expérience: Hiroshima, du Golfe et 11 septembre», Internat, Psychoanalysis, p. 33 – 35

مەحاڵە، چونکە هەموو ئەکتەرە سەرەکییەکان لە وێرانبوونێکی گشتی دەترسان. لە ئێستادا ئەو نیمچە هاوسەنگییەی کە لە نێوان بلۆکی سۆڤێت و جیهانی ڕۆژئاوا بە سەرکردایەتی ئەمریکادا هەبوو، لەناوچووە و ئەفسانەی نەدۆڕاوی ئەمریکا لە 11ی سێپتەمبەری 2001 بەتوندی لەرزی؛ لە ئەنجامی ئەم ڕووداوە دڵەڕاوکێ، ترس و تەنانەت هەستکردن بە گوناهیش هاتەئاراوە. ئەمەیە کە سێگال دەڵێت: «پێموایە 11ی سێپتەمبەر زۆر ڕەمزی بوو. لەوە دەچوو ئێمە لە جیهانێکی پارچەپارچەدا، لە هەندێ کاتدا — هەڵوەشاندنەوەیەکی گشتی و ترسێکی دەروونپەشێویدا، و هەروەها لە دەستێوەردانێکی مەزندا نووقم بووبین؛ دۆستەکانمان کێن؟ دوژمنەکانمان کێن؟ هێرشەکە لە چ لایەکەوە دێت؟ <...> ئایا لەناو ئێمەدا دوژمن هەیە؟ <...> ئەم باسە دەربارەی سەرەتاییترین ترسناکییە لە گەشەی کەسێتی خۆماندا، نەک دەربارەی مەرگێکی ئاسایی، بەڵکو بە جۆرێک دەربارەی هەڵوەشانەوەی کەسێتییەکی پڕ لە دوژمنایەتی. و دۆخەکە زۆر خراپتر دەبێت‌کاتێک خودا دەهێنرێتە ناو هاوکێشەکەوە. تامەزرۆی فەندەمێنتالیستە مەسیحییەکان بۆ ئەرمەگدۆن[8] ئەمڕۆ لەگەڵ فەندەمێنتالیستە ئیسلامییەکاندا هاوبەشە. عەقڵی ئێمە لەلایەن جیهانێکی ناوەکییەوە کە پڕە لە وڕێنەی هەمەتوانایی، خراپەی ڕەها و پیرۆزی، هەڕەشەی لەسەرە. بەداخەوە ئێمەش دەبێت لەگەڵ گای ئاڵتونی ململانێ بکەین» (Segal, 2002, p. 35).

٨. ئەرمەگدۆن ئەو شەڕەیە کە خودا ئەنجامی دەدات بۆ پاککردنەوەی زەوی لە هەموو جۆرە خراپەیەک و ڕێگە خۆش دەکات بۆ جیهانێکی نوێ لە چاکە و خۆشگوزەرانی.

سەرچاوە (ڕووسی):

Киндо Ж.- М. Читая Фрейда: изучение трудов Фрейда в хронологической перспективе/ Пер. С фр. О. Я. Журавлева.–М.: «Когито-Центр», 2012.- с. 344 — 353.